وەزارەتی بازرگانی دەست بە دابەشکردنی ئاردی مانگی دوو دەکات

وەزارەتی بازرگانی عێراق رایگەیاند، لەلایەن وەزیری بازرگانی عێراقەوە رێکارەکانی دابەشکردنی ئارد بەسەر بریکارەکانی خێرای دەستی پێکردووە و لە سبەینێ شەممەوە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق ئاردیان پێدەگات. دەشێت، "بە گوێرەی خشتەی دابەشکردن سەرەتا ئارد بەسەر ناوچە هێژارشینەکاندا دابەشدەکرێت".

ئەمە هەینی، وەزارەتی بازرگانی عێراق راگەیەندراوەکی بڵاوکردەوە و تێدا هاتووە، بەمەبەستی دابینکردنی ئارد و کەمکردنەوەی بارگرانی رێژانی جێژن لەسەر هاوڵاتیان لەلایەن وەزیری بازرگانی عێراقەوە بە دابەشکردنی بەشە ئاردی مانگانەی هاوڵاتیان دەستپێشخەری کراوە
ئاماژە بەوەش کراوە، بە گوێرەی خشتەی دابەشکردن کەلەلایەن وەزیری بازرگانی عێراقەوە دارێژراوە، لە سبەینی شەممەوە دەست بە دابەشکردنی ئارد دەکرێت و سەرەتاش ناوچە هێژارنشینەکان دەگرێتەوە.وتیشی،" داوا دەکەین سەرجەم بریکارەکانی خێرای کە لە ناوچە هێژار نشینەکاندان سبەینێ دەست بە وەرگرتنی ئاردی مانگانەی هاوڵاتیان بکەن بەو رێنماییانەی کە پێیان دراوە".

باس لەوەش کراوە، لیژنەی چاودێری کوالێتی خێراک سەرپەرشتی پرسەی دابەشکردنی ئاردەکە دەکات و ئەگەر لە دەخیکدا کە بریکاری خێراک ئاردی نا شایستە بە هاوەاتیان بدات، رووبەرووی سزای یاسایی دەبێتەوە و مافی کارکردنیشی لەوەردەگیرێتەوە".